نێچیرڤان بارزانی پێشوازی کرد لە پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق کرد. سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەڵێت، لەبارەی دۆخی دارایی، بەهای دیناری عێراقی و هەوڵەکانی بانکی ناوەندی بۆ سەقامگیریی دارایی لە عێراق قسەیان کرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ پێنجشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و عەلی عەلاق، پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق، لە کۆبوونەوەیەکدا جەختیان لە گرنگیی هاوکاری و هاوئاهەنگیی بانکەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ بانکی ناوەندیی عێراق کردەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان "پێزانینی خۆی" بۆ هەوڵەکانی بانکی ناوەندیی عێراق دەربڕی لە رووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان و راگرتنی بەهای دینار.

وەکو لە راگەیەندراوەکەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بە

کارە□ لە□پ□شینە□کانی بانکی ناوە□ندی کرد ب□ چ□نیە□تیی مامە□□ە□کردن لە□گە□□ ئا□نگارییە□کاندا و

چارە□سە□رکردنی ک□شە□کانی نە□ختینە□ و دارایی.